# ئیسلامیی سیاسیی و سەماکردن بە دەوری دیموکراتییەتدا .. نووسینی:گراهام فۆلەر وەرگێڕانی: فەرهاد محەمەد – بەشی یەکەم

Frhd_mhmd@yahoo.co.uk

پەیمانگای کارنجی بۆ ئاشتی نێو دەوڵەتی، یەکێکە لەو ئامۆژگایانەی بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی گرفتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دۆسیەیەکی تایبەتی بە شێوەی ئەوراقی کارنجی "Carnegie papers" کردۆتەوەو، لە ژێر ناونیشای تەنگژەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوی دەکاتەوە.
زۆربەی ئەم توێژینەوانە، خەڵکانێکی ئەکادیمی ئەوتۆ ئەنجامی دەدەن، کە هەم خۆیان وەك ئەکادیمی و هەم ئامۆژگا و زانکۆکانیان لە سەنتەری بڕیارسازان نزیکن، یاخود بڕیارسازان بایەخێکی زێدە گرنگی پێدەدەن.
ئەم باسە کە بە ناونیشانی " (ئیسلامیەکان لە وڵاتانی عەرەب، سەماکردن بە دەوری دیموکراتیەتدا) یە، گراهام فۆلەری جێگری سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی هەواڵگری ناوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نووسیویەتی و خاوەنی کتێبی "ئایندەی ئیسلامی سیاسی یە، توێژینەوەیەکە پشتی بە زانیاری گەلێکی دەوڵەمەند بەستووە و لە یەك کاتدا توێژینەوەیەکی ئەکادیمی و واقیعیشە،

## ( بەشی یەکەم)

## پەیوەندی نێوان ئیسلام و دیموکراسی

## ئایا ئیسلام و دیموکراتی پێک کۆکن؟

یان ئایا ئیسلامییەکان هەوڵدەدەن سیستەمی دیموکراتی قبوڵ بکەن و هاریکاری بکەن؟ وتووێژ لەسەر ئەم دوو پرسیارە لە یەکەکانی ڕابردوو چەندین وەڵامی جۆراوجۆری بەرهەمهێناوە و گەلێك جاریش بە تەواوی لێك دووربوون.
ئێمە هەرچۆنێك بیر لە ئیسلام بکەینەوە، ئەوا ئەم بابەتە هەر لە لوتکەدا دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەمڕۆدا زۆر کەم ئایدۆلۆژییەك هەیە بە شێوەیەکی جدی بەرهەڵستی ئەم بارودۆخە فاشیلەی ئێستا بکات، ئەو بزاڤە ئیسلامیانەشی لە گۆڕەپانەکەدا هەن بە شێوەیەکی زۆر خێرا گەشە دەکەن و بەرەو پێشەوە دەچن، لە وڵاتانی عەرەبدا تەنیا ئایدۆلۆژیەتێکی ڕکەبەر هەبێت، ئایدۆلۆژی قەومیەی عەرەبییە، هەرچی چەپ و لیبرال دیموکراتییەکانن کاریگەریان لەسەر سیستەمەکانیان زۆر کەمەو، ئەوەشی زۆر جێگەی بایەخە، ئەوەی لە دوای هێرشەکانی ڕێکخراوی قاعیدە لە 11ی سێپتەمبەری 2001 و ڕاگەیاندنی شەڕی دژە تیرۆر لە لایەن ئیدارەی جۆرج بۆشەوە، دەبینین بەرژەوەنییە هاوبەشەکانی چەپ و قەومیە عەرەبییەکان لە گەڵ ئیسلامییەکاندا بۆ ڕووبەڕووبونەوەی سیاسی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە زیادبووندایە، ئەم دوژمنایەتییە توندەی ئەمەریکا تا ئێستا خاووبوونەوەی بەخۆنەبینییوە و بۆتە زەمینەیەك بۆ ئەوەی ئیسلامی سیاسی بەرەو پێشەوە چوونێکی بەرفراوان بە خۆوە ببینێ.

ئەم باسەش موناقەشەی ئەوە دەکات، دیموکراتی و ئیسلامی سیاسی بە شێوەیەکی زۆر لەسەر ئاستی پرانسیپ پێککۆکن، تۆمارەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن.

من بەشبەحاڵی خۆم بۆ ڕەهەندی دوور مەودای ئەم ئاراستەیە گەشبینم، بەلام وێڕای ئەم پێککۆکیەی نێوان ئیسلام و دیموکراتی، کەچی ڕووداوە ڕاستەقینەکانی ئەم جیهانە، ئەم پێککۆکیە ڕەتدەکەنەوە.

بە تایبەتی لەبەر زیاد بوونی توندوتیژی و ڕق و کینەیە لە جیهانی ئیسلامیدا، بارودۆخێکی نەگەتیڤی ئەوتۆی خوڵقاندووە کە بە هیچ شێوەیەك بڕوا ناکەیت ئیسلامی میانڕۆ بەدیار بکەوێت و سەرهەڵبدات.

بە هەر حاڵ لەسەر پەیوەندیی نێوان دیموکراتی و ئیسلامی سیاسی، ناتوانین بە شێوەی موجەرد و تیۆری کاری لەسەر بکەین، لەبەر ئەوەی هەقیقەتی ئەو پەیوەندیەیە

لەسەر ئەرزی واقیع پشت بە چەندین فاکتەری گۆڕراو دەبەستێت وەك:

1- وڵات 2- کات 3- کەسایەتییەکان 4- ڕۆشنبیری سیاسی ناوچەیی 5- ژینگەی ئەقلیمی 6- سیاسەتی جیهانی.

پێش هەموو شتێك پێویستیمان بە پێناسەی زاراوەکان هەیە، بۆ نموونە: ئیسلامی چییە؟ من بە شێوەیەکی بەرفراوان و بە تەوافق لەگەڵ هەقیقەتی دیاردەکە پێناسەی دەکەم، ئیسلامی ئەو کەسەیە کە بڕوای بەوەیە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر "د. خ" کار و نەریت و وتەکانی دەبی ببنە پرانسیپی حوکمڕانی ئیسلام و کۆمەڵگا، هەروەها ئیسلامی ئەو کەسەیە هەوڵبدات ئەم بنەمایانە بەهەر ڕێگەیەك بێت جێبەجێ بکات.

ئەم پێناسە فراوانە هەموولایەنەکانی رادیکاڵ و میانڕۆ و توندوتیژ و ئاشتیخواز و تەقلیدی و هاوچەرخ و دیموکرات و ئەنتی دیموکراتی دووپاتی دەکەنەوە، واتە توندڕۆییەك کە ئوسامە بن لادن و ڕێکخراوی قاعیدەی تێدایە، هەروەها پارتی عەدالەت و تەنمیە تورکیاش کە هەوڵدەدات وڵاتەکەی ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا و لەمەسەلە سەرەکیەکانی هەرێمەکەشدا هاریکاری واشنتۆن دەکات.

ئیسلامی میانڕۆ هەوڵدەدات لە ناو حکومەت و میدیادا خۆی ڕێکبخات، ئیسلامی ئوسولیش کە "تەسکبینی، نالێبوردەیی... " دەگرێتە خۆی، ناتوانرێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. لەم حالەتەدا ئەگەر ئێمە بمانەوێت لەسەر ئاستی ڕەهەندی دوورمەودا لە مەسەلەی ئیسلام و دیموکراسی تێبگەین، ئەوا پێویستمان بەوە هەیە سەیری هەردوولایەنی ئیسلام بکەین.

ئیسلامی چاك" بە بیروبۆچونی سیاسەتزانانی ڕۆژئاوا" هەروەها خراپ کە بەردەوام لە دژیان کار دەکەین دەکەین.

## ئیسلام و دیموکراسی:

## بەڵگەی تیۆری

وتووێژ دەربارەی پێککۆکی ئیسلام و دیموکراتی لەسەر ئاستی تیۆری زۆر پێکگونجاون، لەوانەیە لەم ئاستە بایەخێکی ئەوتۆی نەبێت، هەندێك لە توێژەرانی ڕۆژئاوا لە ئاکامی توێژینەوەکانیان لەسەر یاسای ئیسلامی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئیسلام لەگەڵ دیموکراتیدا کۆك نابێت، بۆ نەگبەتی ئیسلامیە رادیکاڵەکانیش لە جیهانی ئیسلامدا دەبنە پشتگیری ئەم بۆچوونە و بە هەمان شێوە بەڵگە دەهێننەوە کە ئەو دوو بۆچوونە"ئیسلام و دیموکراتی پێکەوە ناگونجێن" بنەمای وتووێژی رادیکاڵەکان لەسەر سەرچاوەی پیرۆزیی یاسای ئیسلامەو دەڵێن:

(پەروەردەگار زۆر بە راشکاوی پرانسیپەکانی دیاریکردووە و ئاشکرای کردووە چی حەرامە و چی حەڵاڵە، بۆیە خواستی مرۆڤ و یاسای دەستکرد "القانون الوچعی" هیچ شوێن و جێگەیەکی لەم بوارەدا نامێنێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر لە ئیسلام بە شێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا خواردنەوەی کحول "المشروبات الروحیە"ی حەرام کردبێت، ئەوا لە دەوڵەتی ئیسلامیدا هیچ سەرکردەیەکی دیموکراتی و پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو ئەو مافەی نابێت بڕیار بدات خواردنەوەی "بیرە" پەسەندە. ÷)

زۆربەی ئوسولیەکانیش بەو شێوەیە وتووێژ لەسەر ئایین دەکەن، کە دەبی ئایین بە تەواوی هەموو لایەنەکانی ژیان بگرێتەوە، هەربۆیە بەم شێوازە و لەسەر ئاستی تیۆری مەحاڵە ئیسلام لە هەر شتێکی کۆمەڵگە وەك ژیان و حوکمڕانی جیابکرێتەوە، ئەمەش لە بەر ئەوەیە دەوڵەت ڕۆڵێکی سەرەکی لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا دەگێڕێت و بیانووەکانیش دەگەنە ئەوەی کە پێویستە دەوڵەت سوور بێت لەسەر چەسپاندنی بنەماکانی ئیسلام و بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیش، دەبی پێش هەموو شتێك لە ڕووی ئایینەوە هۆشیار بکرێنەوە. لە بۆچوونی تووندرەوە رادیکالیەکانەوە ئایین و دەوڵەت زۆر بە توندی پێکەوە بەستراونەتەوە بناغەی دەوڵەت و حوکمڕانی لەلایەن پیاوانی ئایینیەوە بەڕێوە دەبرێت نەك لە لایەن قاعیدەیەکی جەماوەرییەوە، بەڵام زۆر لە موسوڵمانانیش بەم پێکناکۆکیە تیۆرییەی نێوان ئیسلام و دیموکراسی ڕازی نین.

بەڵام پرسیار لێرەدا هەر تەنیا دەربارەی ئیسلام نییە،

ئایا هەموو ئایینە ئاسمانییەکانی دیکەش لەگەڵ دیموکراتیەتدا پێکناکۆکن؟

ئایا هەموویان بنەمایەکی ئیستیبدادی و پەتریارکیان هەیە و هیچ دامەزراوێکی دیموکراتییان پی قبووڵ نییە؟

ئایا هەموویان لەسەر شێوازی هەقیقەت دوگمان و لەو بڕاویە دانین بە چەندین هۆکار دەگەیتە پەروەردگار؟

شێوازی تیۆری ئەم مەسەلەیە لەگەڵ هەقیقەتدا پێچەوانە دەبێتەوە، لە ڕۆژئاوا لە هەردوو حاڵەتی کاسۆلیك و پرۆتستاندا، بە چەندین ڕێگە، شێوازی پیادەکردنی دیموکراتییان هێناوەتە ئاراوە و ئەم شێوازانەش تەحدای هەموو بۆچوونە تیۆرییەکان دەکەن، لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا و بە ڕێگەی گرێبەندی کۆمەڵایەتی ڕێککەوتنی نێوان ئایدۆلۆژیا و پراکتیك بە ئاسانی ڕێکخراوە، ئەم گرێبەندە کۆمەڵایەتیەش دەسەڵاتی ئایینی بەزاندووە و لەگەڵ کۆمەڵگەشدا گونجاو بووە.

پرۆسەیەکی هاوشێوەی ئەم پرۆسەیە بۆ ئیسلامیش دەگونجێت.

ئێمە لەم چوار چێوەیەدا ناگەڕێینەوە بۆ ئەوەی ئیسلام چییە؟

بەڵکو قسەمان لە بارەی ئەوەیە موسڵمانان چییان دەوێت؟

ئەگەر ئەو حاڵەتە بەربڵاوەی گەشەسەندنی ئیسلامی سیاسی لەکۆمەڵگەی موسڵمانان جیا بکەینەوە و زەمینەیەك برەخسی موسڵمانان لە ژێر سایەی دیموکراتیدا بژین و، لە ڕێگەی دەنگدانەوە فەرمانڕەوا خراپەکانی خۆیان بگۆڕن و، چەندی پێیان دەکرێت بەشێوەی ڕاستەقینە بانگێشەی دیموکراتی بکەن، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەتوانین بەڕاستی پێناسەی پەیوەندی نێوان ئیسلام و دیموکراتی بکەین.

هەتا لەسەر ئاستی تیۆریش، هەندێك لە موسڵمانان پێکناکۆکی لە نێوان ئەو دوو بۆچوونەدا دەبینن، هەندێك ئوسولیەکان وتوێژ لەسەر ئەوە دەکەن کە سەروەریی لە لایەن خواوەیە، بەڵام لە دیموکراتیەدا جەختی لەسەر ئەوە دەکرێتەوە سەروەریی لە لایەن

خەڵکەوە دێت، ئەمە لەگەڵ ئەوەی قازی دادگای باڵای ئەمریکا ئەنتۆنین سکالیا لەو بڕوایەدایە کە سەروەریی کۆتایی بۆ خوایە.
لەسەر ئەم بنەمایە زۆربەی ئوسولیەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە نابی مرۆڤ یاسا دابنێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر مرۆڤ یاسا دابنێت ئەوا پرانسیپەکانی ئاکارو نەریتی موسڵمانان لەکەدار دەکات، بە کورتی لەم چوارچێوەیەدا مرۆڤ ناتوانێت یاسا دابنێت، بەڵام لێرەدا دەڵێن موسڵمانە مودێرنەکان دەتوانن بەو شێوازە ڕازی بن کە هەموو سەروەرییەك لە لایەن خواوەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا دەکرێ ئاماژەش بەوە بکەین، ئیسلام بە شێوەیەکی تایبەتی هیچ ڕێگەیەکی دەستنیشاننەکردووە دەوڵەت چ فۆرمێك بگرێتە بەر. خوا دەسەڵاتی بە مرۆڤایەتی بەخشیوە، بۆ ئەوەی بەو دەسەڵاتە بتوانێت سیاسەتی گشتی دابڕێژێت، تەنانەت لە دەوڵەتی ئیسلامیشدا پێویستە پێکەوە گونجانێك ڕێکبخرێت بۆ ئەوەی مرۆڤ لەوە تێبگات چۆن ئیسلام دەکرێتە پراکتیك و چۆن دەکرێتە دامەزارەوە.
ئەم پرۆسەیە بەردەوام و بە تێپەڕبوونی کات دەرگای وتوووێژ لەسەر ئەم مەسەلەیە واڵا دەکات و سەرەنجامیش دەگەینە ئەوەی چی لەگەڵ بیرکردنەوەی تیۆری ئیسلام ناگونجێت، بەتایبەتی ئەو بیروبۆچوونە تیۆرییانەی لەگەڵ هەقیقەتدا پێچەوانە دەبنەوە، ئەمەش دەبێتە ئەزموونی نێوان ئیسلام و دیموکراسی.

## ئەزمووی عەرەب لەگەڵ دیموکراسیدا

هەتا ئێستاش ناتوانین بڵێین هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی "بێجگە لە لوبنان" ئەو توانایەی هەیە فەرمانڕەوا دەسەڵاتدارەکانی بە ڕێگەی هەلبژاردن و دیموکراتی بگۆڕدرێت.
بەرەو پێشەوەچوونی دیموکراتی بە شێوەیەکی فراوان لە دەوڵەتانی ئیسلامی غەیرە عەرەبدا، وەك ئەندەنووسیا، مالیزیا و تورکیا هاتۆتە ئاراوە.
لەسەر ئاستێکی نزمتریش لە پاکستان و بەنگلادیش و هەتا ئێرانیش بوونی هەیە، بەڵام بەشێوەیکی زۆر کەم هەندێك لە دەوڵەتانی عەرەبی بەم ئاراستەیە هەنگاویان هەڵگرتووە، کەئەوانیش بریتین لە ئەردەن، کوێت، مەغریب و یەمەن، بەڵام لە دەوڵەتانی غەیرە عەرەبی "بێجگە لە لوبنان" سەرۆکی دەوڵەت و حکومەت " سەرۆك وەزیران" بە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی ڕاستی جەماوەریی هەڵبژێردراون، بەم دواییە هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان پەرلەمانێکی سەرەتاییان دامەزراندووە، بەڵام زۆر کەم لەو پەرلەمانانە دەسەڵاتێکی ئەوتۆییان هەیە کە بتوانن بڕیارێکی دەسەڵاتی حکومەتی ناهەڵبژێردراو ڕەتبکاتەوە.
عەرەبستانی سعودی بەشێوەیەکی سەرەکی بە تەواوی دژی ئەوەیە کە دیموکراتی بۆ موسڵمانان بگونجێت، دیموکراتی ڕەتدەکاتەوە بەوەی ئیسلامی نییە و بانگێشەی ئەوە دەکات کە سیستەمی حوکمڕانی سعودیە لەسەر بنەمای قورئان بەڕێوە دەچێت و دەتوانن نێونەتوایەتی خۆیان لە چوارچێوەی ئەنجومەنی ڕاوێژکارییەکەیاندا فراوان بکەن.

## پارتە سیاسیەکانی وڵاتانی عەرەبی

پارتی سیاسی ڕاستەقینە لە جیهانی عەرەبدا، بەشێوەیەکی گشتی لە گۆڕەپانی سیاسیدا بوونی نییە و ئەوەشی هەیە دەوڵەت دایمەزراندوون، لە زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبدا پارتی دەسەڵاتدار هەژموونی بەسەر هەموو بوارەکاندا کێشاوە و تەنیا ئەو پارتە سیاسیانە بوونیان هەیە کە پارتی دەسەڵاتدار مۆڵەتیان پێدەدات، ئەم پارتە مۆڵەت پێدراوانەش بەهیچ جۆرێك تەحەدای ئەو ڕژێمانە ناکەن، ڕۆڵی هەر ئۆپۆزسیۆنێك بە شێوەیەکی نەگۆڕ

بەرەنجامی دانوستاندنی نێوان ئەو پارتە و پارتی دەسەڵاتدارە، بەوەی تا چەند ڕێگەی پێدەدات دەسەڵاتی هەبێت یان لە کاتێکی دیاریکراودا هەڵوێست وەربگرێت.
کەواتە لێرەدا جێگەی خۆیەتی بپرسین بۆچی لە ڕاستیدا دیموکراتی لە جیهانی عەرەبیدا زۆرلە هەموو شوێنێك دواکەوتووترە؟ ئەمە بە بەراوردکردنی بەرەو پێشەوەچوونی دیموکراتی لەگەڵ سەرجەم هەرێم و ناوچەکانی جیهان "بێجگە لە ئەفریقیا"، ئەم هەقیقەتە هەندێك چاودێرانی بەو ئاراستەیەدا بردووە کە زۆر بە سادەیی هۆکارەکە بگێڕنەوە بۆ بڵاوبوونەوەی دیاردەی ئایین و دەڵێن "ئیسلام سەرکوتکارە و ئەم فاکتەرەش دوژمنی دەرکەوتنی کۆمەڵگەکەیەکی دیموکراتیە.
ئەم بۆچوونە کە هەموو ڕۆڵی ئایین ڕادەماڵێت، وتووێژەکان لەسەر سروشتی ڕۆشنبیری سیاسی لەجیهانی عەرەبدا چڕ دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر لاوازی بەرەو پێشەوەچوونی دیموکراتی لە وڵاتانی عەرەبدا بۆ ئیسلام نەگەڕێتەوە ئەی هۆکارەکانی چین؟
بێگومان شکستی ئەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ نەتوانینی دەستنیشانکردنی هۆکاری ئەم شکستە و نەتوانینی دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەم گرفتە، ئەمەش هەندێك لەو فاکتەرانەیە کە پێویستە لە ئاستێکی بەرزدا و بۆ دەستنیشانکردنی گرفتەکانی جیهانی عەرەبی، لەپێناوی بەرەوپێشچوونی دیموکراتی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین.

## ئەو فاکتەرانەی کاریگەریان لەسەر بەرەو پێشچوونی دیموکراتی هەیە لە وڵاتانی عەرەبدا

ئەم فاکتەرانەی ڕۆڵێکی نەگەتیڤ لەسەر بەرو پێشەوەچوونی دیموکراتی لە وڵاتانی عەرەبدا دەگێڕێن بریتین لە:

1- نەوت

دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت لە تۆماری پەرەپێدانی جیهانیدا، تۆمارێکی خراپیان لە بەرەوپێشچوونی دیموکراتیدا هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە داهاتی زۆری نەوت ڕێگرە لە بەردەم پێشکەوتنی دیموکراتیدا، دەوڵەت لە پێناوی ئەوەی هاووڵاتیانی دەمکوت بکات و بە ڕژێمی باوکایەتی ئەو ڕازی بن، باج لە هاووڵاتیانی وەرناگرێت و داهاتی نەوتەکە دەبەستێتەوە بەرامبەر ئەوەی هاووڵاتیان بی دەنگ بن.
ئەمە لە کاتێکدا سیستەمی باجی گشتی وە چاودێرێك بۆ حکوومەت دانراوەو لە بەرامبەریشدا
بە شێوەیەکی تەقلیدی هاووڵاتیان داوای دەنگدان دەکەن، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە بۆتە پرانیسیپێك "بەبی نوێنەرایەتی باجدان نییە" بە بی سیستەمی باج وەرگرتنیش نوێنەرایەتی بوونی نییە.

2- ئاستی داهات

ئاستی داهاتی تاکەکەسی لە دەوڵەتانی عەرەبی بی نەوتدا نزمە، ئەم ئاستی نزمیەی داهاتیش لە هەموو شوێنێکدا لەگەڵ دیموکراتیدا ناگونجێت.

3- سروشتی دەوڵەتانی عەرەبی

بەشێوەیەکی بی بەرنامە سروشتی دەوڵەتانی عەرەب و سنوورەکانیان دەستکردە و لە لایەن دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیەوە کێشراوە و ئەمەش بۆتە هۆی کەمی شەرعیەت و سەروەریی لە دەوڵەتانی عەرەبیدا، ئەم حاڵەتەش بۆتە هۆی لاوازی ناسنامەی تاکی دەوڵەتی عەرەبی، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتە عەرەبییەکان لە زمان و ڕۆشنبیرییەکی فراواندا هاوبەشن، عەرەب هەست بەوە بکات ئەم بەرەوپێشەوە چوونە لەناو دەوڵەتانی عەرەبیدا

ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بەرژەوەندییەکانی دەبێت و دەبێتە هاندەرێك بۆ دەنگدان، یان دەبێتە دەستێوەردان لە کاروباری نیشتمانی عەرەبی گەورە، هەروەها بنکەی جەماوەری پەیوەندییەکی بی هێزی لەگەڵ حکومەتەکاندا هەیە، بە بەراورد لەگەڵ پارچەکانی جیهاندا "بێجگە لە ئەفریقیا" ئەم حاڵەش بۆتە هۆی لاوازی شەرعیەتی پێکهاتەی دەوڵەت و لاوازی ئاستی بەرەوپێشچوونی پرۆسەی دیموکراتی، هەروەها بیری پان عەرەبییزمیش مافی خۆ بەڕێوەبردنی لەسەر ئاستی ناوچەیی لاوازکردووە.

4- تەنگژەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل

دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر خاکی فەلەستین لەو کاتەدابوو کە زۆربەی دەوڵەتانی عەرەب سەربەخۆ بوون، هەربۆیە کاردانەوەی خێرای عەرەب بۆ ڕەتکردنەوەی ئیسرائیل و دەستپێکردنی شەڕ و پاشان شکستی عەرەبی لە شەڕەکاندا، بوو هاندەری گەشەپێدانی سیستەمی سوپا و ئەمنی دەوڵەتانی عەرەب، ئەم حاڵەتەش بە ئاسانی لە لایەن دیکتاتۆرەکانەوە ئیستیغلال کراوە.

5- جوگرافیا

پێگەی جیهانی عەرەب لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بووە تەوەری جیۆپۆلتیکی ڕاستەقینەی ڕۆژئاوا بە تایبەتی کە وڵاتانی عەرەب خاوەنی نیوەی یەدەگی نەوتی جیهانیین، هەر بۆیە لە چەرخی نۆزدە و بیستەمەوە ئەم ناوچەیە بووە ناوچەیەکی سەرەکی بۆ چاوتێبڕینی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپا، خەباتی دەوڵەتانی عەرەبیش لەگەڵ کۆلۆنیالیزمدا بۆ کۆنترۆڵکردنی نەوتەکە بووە و بەرزی نرخیش گەلێك جار بوونەتە هۆی دەستێوەردانی ڕۆژئاوا لە ناوچەکەو تا ئێساش بەردەوامە، ئەم بارودۆخە و تەنگژە ئەقلیمییە بەردەوامەکان ڕێگرن لە بەردەم بەرەو پێشەوە چوونی دیموکراتیدا.

6- پشتگیری لە مێژینەی ڕۆژئاوا بۆ ڕژێمە سەرکوتکارە دۆستەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئەم دیاردەیە لەگەڵ شەڕی ساردا دەستی پێکردووە بە شێوەیەکی سیستماتیکی بووە هۆی لاواز بوونی هێزە دیموکراتخوازەکان لە هەرێمەکەداو لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەمدا. دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و سەرهەڵدانی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و هەروەها ڕاگەیاندنی شەڕی دژی تیرۆر لە لایەن ئیدارەی بوشەوە، دیسان بووە هۆی ئەوەی پاراستنی ڕژێمە سەرکوتکارە دۆستەکان بەردەوام بێت، هەروەها بانگهێشتی ئیدارەی بوش بەوەی کە دیموکراتیزەکردن دەکەوێتە حاڵەتی ئاسایشەوە دێت، بۆتە هۆی ئەوەی لە بری هاوکاریکردنیان لەشەڕی دژی تیرۆر، مانەوەی دیکتاتۆرەکان قبوڵ بکرێت.

## ئیسلامیزم

زیادبوونی دیاردەی بزاڤە ئیسلامیەکان لە چەند یەکەی ڕابردوودا و بوونیان بە ئۆپۆزسیۆنی سەرەکی ڕژێمە ئۆتوکراسیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بوتە ڕێگر لەبەردەم ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی گوشاری زیاتر بۆ دیموکراتیزەکردن لەو ناوچەیە هەڵبگرێت، ڕژێمە دیکتاتۆرە عەرەبەکانیش بۆ ڕووبەڕووبونەوەیان

لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنەکانیاندا، بە شێوەیەکی سیستماتیك مەترسی ئەوە پیشانی واشنتۆن دەدەن کە بە ڕێگەی هەڵبژاردن ئیسلامیەکان دێنە حوکم، ئەمەش بۆتە ڕێگرێکی دیکەی ڕۆژئاوا بۆ پشتگیری دیموکراتی لە وڵاتانی عەرەبدا.

ئەو خاڵانەی ئامارژەمان پێکرد، ئەلتەرناتیڤێکی بەرفراوانی لاوازی دیموکراسییە لە وڵاتانی عەرەبدا، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا بەڵگەگەلێکی فراوانی ڕۆشنبیری و هۆکاری مێژوویی هەن، کە دەرهاویشتەی بارودۆخی ناوخۆیی و دەرەکین لە وڵاتانی عەرەبدا، بوونەتە خولقاندنی ڕۆشنبیری سیاسیی عەرەبی، ئەم ڕۆشنبیرییەش بەرەوپێشەوە چوونی دیموکراتی لەم قۆناخەدا ئاڵوز کردووە.